تەفسیری سورەت الأحزاب

وانـــــــــــــەی (٣)

((يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ))

(( يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ )) : ئەم بانگ کردنە بۆ پێغەمبەرە سەلامی خوای لێ بێت ، لەم ئایەتە وەسف کراوە بە نبي ، هەندێک جار خوای گەورە بانگی کردووە بە رسول لە مەقامی رسالة .

هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت : (( يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ )) [المائدة : ٦٧]
واتە : ئەی پەیامبەر هەر فەرمانێک وبریارێک لە لایەن پەروەدگارتەوە بۆت هاتووە بێ دوو دڵی و ترس لە هیچ کەسێ رابگەینە .

(( النبي )) : لەزمانی عربی دا مشتەقی ( النبأ ) واتە : هەواڵ ، بۆچی پێی دەڵێن النبي ؟
وەلام/ لأنه مخبر مُخبرَ ، فهومخبرَ ، أی : أن الله أخبره ، وأوحی إليه ، وهومخبرُ عن الله تعالی امره وحیه .

واتە :چونکە هەواڵ دەر و هەواڵ پێدراوە ، هەواڵ پێدراوە چونکە خوای گەورە هەوالی پێداوە و وەحی بۆی ناردووە ، وە هەواڵ دەرە لە لای خوای گەورە بە گەیاندنی وەحی و فەرمانەکان خوای گەورە .

کەواتە نبي لە سەر وەزنی " فعيل " ئایا بە مانای فاعل یان مفعول دێت ؟

ئەگەر بڵێین " فعيل " بەمانای " فاعل " دێت ، لأنه منبئ عن الله عزوجل .

ئەگەر بڵێین " فعيل " بە مانای " مفعول " دێت لأنه منبأ .

زانایان دەڵێن دروستە هەردوو مانا هەڵبگرێت ئەگەر پێچەوانەی یەکتر نەبن .

زانایان دەڵێن : النبوة مشتقی النبوة ، وهی الشئ المرتفع ، شتێکی بەرزە ، هەروەها لە زمانی عەرەبی دا وشەی النبی بۆ نیشانەیەک لە نیشانەکانی زەوی بە کاردێت کە خەڵک بۆ خۆیان رێگای پێ دەدوزێتەوە ، کەواتە لەبەر ئەوە پێی دەڵێن النبي چونکە نبی " پێغەمبەر " خاون پلە و پایەی بەرزە لە دونیا و قیامەت وە باشترینی مروڤەکانن ، وە هەروها نیشانەن بۆ خەڵک بە هۆی ئەوانەوە خەڵک ڕێگای راست دەدوزێتەوە و دەگەن بە ڕاستی و دونیا و ئاخیرەتیان چاک دەبێت .

**ئایا هیچ جیاوازی هەیە لە نێوان رسول ونبی ؟**

**وەلام /** جیاوازی هەیە لە نێوان زانایان چوار وتە هەیە :

یەکەم / هەندێک زانا دەلێن هیچ جیاوازی نیە لە نێوان رسول ونبي .

دووەم / هەندێک زانا دەلێن رسول : وەحی بۆی هاتووە وە فەرمانیش پێی کراوە ئەم وەحی یە بگەیەنێت ، وە نبی : وەحی بۆی دێت بەلام فەرمانی پێ نەکراوە بگەیەیەنێت .

سێیەم / هەندێک زانا دەلێن رسول : وەحی بۆی دێت بە شەریعەتێکی نوێ ، نبي : وەحی بۆی دێت بەلام لەسەر شەریعەتی رەسولی پێش خۆی دەڕوات وە هەروەها فەرمان بە هەردووکیان کراوە وەحی بگەینن و بانگەوازی بکەن .

چوارم / هەندێک زانا دەلێن رسول : خوای گەورە ناردوویەتی بۆ خەلکانێک کوفریان کردووە ، نبي : خوای گەورە ناردوویەتی بۆ ئەو ئیماندارانەی کە ئیمانیان بە رسول هێناوە و فێریان دەکات وحوکم لە نێوانیان دەکات، کە ئەمە وتەی ابن تیمییە .

**وتەی راست** جیاوازی هەیەلە نێوان رسول ونبي ، هەروها فەرمانیش کراوە وەحی بگەینێت ، زانایان دەلێن شاردنەوەی وەحی و زانست بۆ بێجگە لە پێغەمبەران زەمکراوە ئەی چۆن دەبێت پێغەمبەر وەحی لابێت فەرمانی پی نەکرابێت بگەینێت؟!

هەروەها فەرمودەی ابن عباس خوا لێی رازی بێت دەفەرمووێت : پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت دەفەرمووێت : (( عُرضت علی الأمم ، فرأیت النبی ومعه الرهط ، والنبی ومعه الرجل و الرجلان، والنبی ولیس معه أحدٌ..........)) اخرجە البخاری (٥٧٠٥)، ومسلم(٢٢٠) .

واتە : ئومەتەکان پیشانم دران ، پێغەمبەرم بینی دە (١٠) کەس کەمتری لەگەل بوو ، پێغەمبەر هەبوو پیاوێک یان دوو پیاوی لەگەل بوو ، پێغەمبەریش هەبوو کەسی لەگەل نەبوو .

لەم فەرموودەیە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پێغەمبەر " نبی "هەبووە کەس باوەڕی پێ نەهێناوە ، وە هەش بووە کەم کەس باوەری پێ هێناوە ، ئەمە بەلگەیە کە بانگەوازی کردووە ، هەروەها بەلگەیەش کە پێغەمبەر " نبی " بۆ کافریش چووە .

بەلام هەندێک زانا دەلێن لێرە مەبەست بە " نبی " ڕەسولیشە ، چونکە هەموو " رسول " ێک " نبی " یە بەلام هەموو ن" نبی " یەک " رسول " نییە ، هەروەها لەم فەرموودەیەدا دڵ دانەوەی پێغەمبەری تێدایە بۆچی ئومەتەکان پیشانی محمد دراون، وەک دڵ دانەوە هەروەک ئەوە وایە پێی دەلێت غەمبار مەبە ئەمەی تۆ توشی بووی پێغەمبەرانی پێش تۆش تووشی هەمان شت بوون، کەواتە پلەی رەسول بەرزترە و دەبێت لەم فەرموودە مەبەست پێی رەسول بێت چونکە دڵی محمد سەلامی خوای لێبیت دەداتەوە بە رەسولێک وەک خۆی لە پلەی خۆی و هەروەها تەواوکەری فەرموودە باسی موسی دەکات ، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مەبەست بە " نبی " لێرە " رسول " ە .

بەلام ئەوانەی تر دەلێن بەپێچەوانەوە دڵ دانەوەی پێغەمبەری تێدایە بە " نبی " کە پلەی نزمترە لە هی " رسول " ئەگەر نبی هەبوو بێت یەک یان دوو کەس باوەری پێ هێنابێت لە هەمان کات دا بەردەوام بوینە لە بانگەوازی کردن تۆ لە پێش تری .

بەلام ئەوانەی تر دەلێن محمد باشترین پێغەمبەرە ناگونجێت بلێیت دڵ دانەوەی محمد سەلامی خوای لێ بێت بە نبی بووە ، بەلکو مەبەستی فەرموودە ئەوەیە رەسولی پێش تۆ کە پلەی بەرزترە لە نبی هەبووە کەس باوەڕی پێ نەهێناوە .

(( **یا أیها النبی** )) والمراد به : نبینا محمد صلی الله علیه وسلم ، واتە : مەبەستی پێی پێغەمبەری ئێمەیە سەلامی خودای لێ بێت .

(( **أتق الله** )) أی: دُمْ علی تقواه ، واتە:- بەردەوام بە لەسەر تقوای خودای گەورە .

زانایان دەلێن لەم ئایەتە مەبەست پێی ئەوەیە بەردەوام بە لەسەر تەقوای خودای گەورە نەک مەبەست پێی ئەوەبێت تەقوای خودا بکە ، چونکە ئەگەر وا بلێیت ئەو مانایە هەلدەگرێت کە پێغەمبەر سەلامی خودای لێ بێت بە تەقوا نەبووە لەبەر ئەوە فەرمانی پێکراوە بۆ تەقوا .

کەواتە : (( أتق الله )) فەرمان کردن جار وایە بە مانای نوێ کردنەوە دێت ، وە جار وایە بە مانای بەردەوام بوون دێت ، وە جار وایە بە مانای درێژە پێدان و ڕوون کردنەوەی زیاتر دێت(تفصیل) .

نموونە دەلێیت : یا أیها المؤمن آمِنْ ، واتە:- ئەی ئیماندار ئیمان بهێنە ، واتە:- بەردەوام بە لەسەر ئیمان .

خوای گەورە دەفەرمووێت : (( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنزَلَ مِن قَبْلُ )) [النساء : ١٣٦] .

لەم ئایەتەدا : (( یأَیهاالذین ءامنو ءامنواباالله )) واتە : ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ئیمان بهێنن بە خوا ، ئیمان بهێنن بە خوا مەبەست پێی بەردەوام بوونە لەسەر ئیمان ، واتە:- بەردەوام بن لە سەر ئیمان ، وە تفصیلی تێدایە ، (( ءامنوا )).مُجمل
بەکورتی باسی کراوە پاشان دەلێت : (( ءامنوا ءامنوا بالله............))

((ولا تطع الكافرين)) : ئەسلی وشەی کوفر لە زمانەوانی دا بە مانای : التغطيه دێت واته داپوشين ، والسمىَ الذى لايؤمن بالله تعال كافر ، لأنه ستر نعمة الله ، و جحد شريعتهُ فصار بذالك ساترا للحق ،وساترا للنعمة التى انعم الله بهاعليه .

واتە : بەو کەسەی کە باوەر ناهێنێت بە خوای گەورە پێی دەڵێن کافر ، چونکە نیعمەتی خوای گەورە داپۆشیووە و وە ئینکاری شریعەتەکەی کردووە ، بەمە بۆتە داپۆشەری حەق و وە داپۆشەری نیعمەتەکانی خودای گەورە کە بە روویدا باراندووە و لەگەڵی کردوون .

بەلام شیرک : واتە هاوەڵ بریاردان بۆ خوای گەورە ، واتە کردنی عیبادەت بۆ بێجگە لە خوای گەورە ، واتە کەسێکی کردووە بە شەریک لەگەڵ خوای گەورە کە ئەو کەسەش شایەنی عیبادەت نیە لەگەل خوای گەورە .

ابن باز رەحمەتی خودای لێبێت دەفەرمووێت : (( کوفر ئینکاری کردن و داپوشینی راستیە (حەقە)، وەک ئەوەی ئینکاری واجبی نوێژ بکەیت یان واجبی زەکات، یان روژووی رەمەزان یان واجبی چاکەکردن لەگەل دایک و باوک وە شتی تری وەک ئەمانە ، هەروەها وەک ئینکاری کردنی حەرامی زینا یان عەرەق یان ئازاردانی دایک و باوک وە شتی تری وەک ئەمانە .

بەلام شیرک : کردنی عیبادەتە بۆ بێجگە لە خودا ، وەک ئەوە کەسێک لە کاتی تەنگانەدا دوعا لە مردوو یان کەسێکی غائب یان جنۆکە یان پەیکەر یان ئەستێرە و شتی تر دەکات یان ئاژەلیان بۆ سەردەبرێت یان نەزریان بۆ دەکات .

ووشەی موشریک بۆ کافر بەکاردێت و وشەی کافریش بۆ موشریک بەکاردێت ، وەک :

خودای گەورە دەفەرمووێت : (( وَمَن يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِندَ رَبِّهِ ۚ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ)) [المؤمنون : ١١٧]

واتە : هەرکەسێک لەگەڵ خودا هانا بۆ کەسێکی تر ببات،هیچ بەڵگەیەکیش نیە لەسەر شیاوی بۆ پەرستنیەتی ، ئەوە پرسینەوەی لای خودای پەروەردگاریەتی ، چونکە خودای گەورە بێ باوەرەکان سەرناخات و ناگەن بەخوشی و کامەرانی.

خودای گەورە ئەفەرمووێت : (( وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ (١٣) إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ (١٤) )) [ فاطر ]

واتە : ئەوشتانەی ئێوە ئەیپەرستن بێجگە لە خودا تەنانەت بە ئەندازەی قلیشی نێو دەنکە خورمایەکیش یان بە ئەندازەی توێژێکی سپی ناسک کە لە دەوری ناوکەکەدایە شک نابەن و دەسەلاتیان نیە،ئەگەر بانگیان بکەن و دوعایان لێ بکەن نایبیستن،گریمان ئەگەر ببیستنیش وەلامتان نادەنەوە،چونکە خاوەن دەسەلات نین،وە روژی قیامەتیش نکولی شرک و پەرستنەکەتان دەکەن بۆ خۆیان ، هیچ شتێک وەک خودا کە ئاگاداری هەموو شتێکە ناتوانێت ئاگادارت بکات.

له سورەتە دوعاکەیان کە لە بێجگە لە خودا کردووە ناونراوە بەشیرک ، وە لەسورەت مۆمنون ناونراوە بە کوفر .

خوای گەورە دەفەرموویت : (( يُرِيدُونَ أَن يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَن يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (٣٢) هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ (٣٣) )) [التوبة ]
لەم دوو ئایەتە کافری ناونراوە بە کافر و موشریک ، هەروەها فەرموودەش لەم بارەیەوە زۆر هاتوون ، لەوانە پێغەمبەر سەلامی خودای لێبێت دەفەرموویت : " بين الرجل وبين الشرك و الكفر ترك صلاة " اخرجه مسلم ))
مجموعة فتاوى ابن باز ج٩ لاپەرە١٧٤_١٧٥.

هەروەها جولەکە و گاور کافر و موشرکن ، کافرن چونکە کوفرەکەیان ئەوە نکولی و ئینکاری دەقیان کردووە ، وە بە درۆیان خستووە، وە موشرکن چونکە شیرکەکەیان ئەوەیە عیبادەتی بێجگە لە خودایان کردووە .
خودای گەورە لە سورەتی تەوبە وەسفی ئەهلی کتابی کردووە بە شیرک کە دەفەرموویت : (( اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ )) [التوبة : ٣١] .
وەلە سورەتی البينة وەسفی ئەهلی کتابیان کردووە بە کوفر دەفەرموویت : (( لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ)) [البينة : ١]
ابن باز رەحمەتی خودای لێبێت دەفەرموویت : (( ئەهلی کتاب بە شێوەیەکی گشتی داخلی موشریکەکان دەبن ژن وپیاوەکانیان ، چونکە کافر و موشرکن بێ گومان....))مجموعة فتاوى ابن باز ج٤ لاپەرە ٢٧٤

((ولا تطع الكافرين و المنافقين)) : النفاق تدل على الخروج و نفق : والمسلك النافذُ الذي يمكن الخروج منه .
واتە دەلالەت لەسەر دەرچون دەکات ، نفق : شوێنێکی کونە توانای دەرچونی پێیدا هەیە .

بۆچی بە دووڕوو دەڵێن منافق ؟

وەلام/ زانایان دوو وتەیان هەیە :

یەکەم / هەندێک لە زانا دەڵێن ئەسلی نفاق دەدرێتە پال النفق ، کون کردنی زەوی یە و چوونە ناویەتی ، چونکە دووڕوو کوفری خۆی دەشارێتەوە و وەک ئەو کەسەی دەچێتە ناو نفق دادەپوشرێت و بزر دەبێت .

دووەم / هەندێک زانا دەڵێن ئەصلی ئەم وشەیە لە کونی یربوع " يربوع : ئاژەڵێکی بچووکە لە جۆری مشکە " کە دوو کونی هەیە بە یەکێکیان داخل دەبێت و بەوەی تریش دەردەچێت ، دووڕووش لە لایەک داخلی ناو ئیسلام بووە و وە لە لایەکی ترەوە دەرچووە لە ئیسلام .

ابن رجب ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێت : (( ئەوەی زانایان تەفسیریان کردبێت سەبارەت بە نیفاق لە زمانەوانی دا ئەوەیە کە لە جنسی فێل کردنە ، دیار کردنی خێرە و وە شاردنەوەی شەڕە )) جامع العلوم و الحكم لاپەڕە ٣٧٥

جورجانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێت : (( إظهار الإيمان باللسان ، و كتمان الكفر بالقلب . )) التعريفات لاپەڕە ٢٤٥
واتە : بە دیار خستنی ئیمانە بە زمان و وە شاردنەوەی کوفرە بە دڵ .

زانایان نیفاقیان کردۆتە دوو جۆر :

یەکەم / نیفاقی گەورە یان نیفاقی بیروباوەڕ : ئەم جۆرە نیفاقە پێی کافر دەبێت و وە لە ژێرەوەی دۆزەخ دا دەبێت خاوەنەکەی ، وەک :
(١) بە درۆ خستنەوەی پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت .
(٢) بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت لە هەندێک شت دا کە پێی هاتووە .
(٣) ڕق لە پێغەمبەر بوونەوە سەلامی خوای لێ بێت .
(٤) ڕق لێ بوونەوە لە پێغەمبەر لە هەندێک شت کە پێی هاتووە .
(٥) دڵ خۆش بوونی بە لاواز بوونی ئیسلام .
(٦) پێ ناخۆش بوون بە سەرکەوتنی ئیسلام .
(٧) پشتگیری کردنی کافرەکان بۆ سەرکەوتن بەسەر موسلمانان .
(٨) گاڵتە کردن بە ئیمانداران لەبەر ئیمان هێنان و گوێ ڕایەڵی کردنیان بۆ خوا و پێغەمبەر .
(٩) پشت کردن لە حوکمی خوا و پیغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت .

**دووەم / نیفاقی بچووک یان نیفاقی کردەوە : ئەم جۆرە نیفاقە خاوەنەکەی کافر نابێت**

ڕاستە پێغەمبەر سەلامی خودای لێبێتدووڕووەکانی ناسیوە چونکە خودای گەورە بە وەحی ئاگاداری کردۆتەوە ، بەلام چی دەڵێی بۆ موسلمان ئەوان نازانن ؟! وە ئەگەر دووڕووی پێش کافر باسکردبا لەوانەیە یەکێک بلێت باشتر بوو چونکە دووڕوو شاراوەیە ئەوەی شاراوە بێت و مرۆڤ هەستی پێ نەکات ترسناکی زیاترە ، بۆچی لەم ئایەتە کافری پێش دووڕوو خستووە ؟

وەڵام / (١) لەوانەیە لەم ئایەتە بەگوێرەی سەرەتایی دەست پێکرد ، چونکە یەکەم جار کوفر هەبووە دوای نیفاق دروست بووە ، لەوانەیە یەکێک بلێت ئاخر هەردوکیان هەر کافرن ، دەڵێین ڕاستە بەلام هەموو دووڕوویەک

کافره ، بەلام هەمووکافرێک دووڕوو نیه وه له سزاش دا دا ڕۆژی قیامەت سزایان لێک جیاوازه ، هەروەها هەر کوفره دووڕوویش بۆ مرۆڤ دروست دەکات .

(٢) لەوانەیه بەگوێرەی هۆکاری دابەزینی ئایەت باس کرا بێت ، چونکه دەڵێ ئەم ئایەته مەبەست به کافرەکان ئەبو سوفیان و عیکریمه و ئەبو الاعوره ،
وتیان واز له خوداکانی ئێمه بهێنه ، وه دووڕووەکان مەبەست پێی عبدالله بن أبي ، عبدالله بن سعد بن أبي سرح بووه ، لەوانەیه یەکەمجار کافرەکان قسەیان لەگەڵ پێغەمبەر کردبێت دوای دووڕووەکان وه ئایەت دابەزی بەگوێرەی ڕێزبەندی .
له قورئان دا لەچەند شوێنێک یەکەمجار باسی دووڕووی کردووه ئینجا باسی کافرو و موشریکی کردووه بەتایبەتی لەبابەتی باسکردنی دۆزەخ و سزادان ، وەک ئەم ئایەته :
خوای گەوره دەفەرموویت : (( إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا} [النساء : ١٤٠] .
واته / بەراستی خوای گەوره دووڕووەکان و کافرەکان له ڕۆژی قیامەت له دۆزەخ دا کۆ دەکاتەوه .
خوای گەوره دەفەرموویت : (( وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ ......} [الفتح : ٦]
لەم دوو ئایەته یەکەمجار باسی دووڕوویی کردووه ئینجا باسی کافرو موشرکی کردووه .

**ســـوودەکـــانـــی ئـــــەم ئـــایـــەتـــه :**

سوودی یەکەم // خودای گەوره بانگی پێغەمبەری کردووه به پێغەمبەر ، بەلام پێغەمبەرانی تر خودای گەوره به ناوەکانیان بانگی کردووه : (( یا موسی )) المائدة٢٢ ، (( یا عیسی)) ١١٢المائده ، ((َ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِّنَّا....ٌ)) [ هود : ٤٨] ، (( يَا إِبْرَاهِيمُ قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا ۚ َ)) صافات .
هیچ ئایەت نەهاتوون که خوای گەوره بانگی پێغەمبەری کردبێت به محمد ، بەڵکو به پێغەمبەر بانگی کردووه و وەسفی کردووه ، ئەمە بەڵگەیه که دەبێت به گەوره دابنرێت و ڕێزەکەی زیاتر بێت و باشتر بێت له پێغەمبەرەکانی تر ، ئاماژەیه بۆ ئەوه که ئێمەی موسڵمان دەبێت به ڕەوشت بین بەرامبەر پێغەمبەر و سونەتەکەی سەلامی خودای لێ بێت .
ڕاسته چەند ئایەت هاتوون ناوی پێغەمبەری هێناوه به محمد سەلامی خودا لێ بێت ، وەک :
خودای گەوره دەفەرموویت : (( وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ ۚ.....)) [آل عمران : ١٤٤] .
خودای گەوره دەفەرمویت : (( مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ ۚ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ .....ٌ} [الفتح : ٢٩] .
بەلام مەقامەکەی هی بانگ کردن نییه بەڵکو مەقامی خەبەره .

سوودی دووەم // واجبی تەقوای خوای گەورە لەسەر ئەم ئومەتە ، ئەگەر فەرمان بە پێغەمبەر کرا بێت بۆ تەقوای خوای گەورە یان فەرمان بە پێغەمبەر کرا بێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر تەقوای خوای گەورە بێجگە لەپێغەمبەر لە پێش ترن فەرمانیان پێ بکرێت بۆ تەقوا ، وە ئەگەر داوا لە پێغەمبەر کرابێت ئەوا داوا لە ئومەتەکەشی کراوە " واتە ئومەتەکەشی دەگرێتەوە " ئیلا بەڵگە هاتبێت تایبەتی کردبێت بە پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت .

التقوی : بریتی یە لە جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە و خۆ پاراستن لە ڕێگرییەکانی خوای گەورە .

زانایان دەڵێن تەقوا دوو جۆرە :

یەکەم / تەقوای واجب : بریتییە لە کردنی واجبەکان و خۆپاراستن لە حەرامەکان .
دووەم / تەقوای سونەت : بریتییە لە کردنی سونەتەکان ، خۆ پارستنە لە مکروهات .

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : تەقوا بەوە نییە ڕۆژ بە ڕۆژوو بیت و شەو شەونوێژ بکەی ، بەڵکو تەقوا بەکردنی واجباتەکانە و خۆپاراستنە لە حەڕامەکان .

زانایان هەر کەسێک شەو نوێژ بکات ئیمانی زیاد بووە و تەقوای زیاد بووە ، وە هەرکەسێک شەونوێژ نەکات لە پلەی بەرزی تەقوا بێ بەش بووە ، بەلام دەبێت ئەوەش بزانین کە چەند کەس هەن شەونوێژ دەکەن کەچی واجباتیان فەراموش کردووە وا گومانیش دەبەن لەبەرزترین پلەی تەقوادان ، چەندین کچ هەن قژیان دیارە و لاشەیان دیارە ، سەر پۆش لەسەر دەکەن پۆشاکیش لەبەر دەکەن بەلام ئەم سەر پۆشە پێویستی بە سەرپۆشێکی ترە و وە ئەم پۆشاکە پێویستی بە پۆشاکێکی ترە ، وە چەند کەس حەڕام دەخۆن و شەونوێژ دەکەن وا حساب دەکەن لە بەرزترین پلەی تەقوا دان پەنا بەخوا .

هەروەها نەکردنی شەو نوێژ نابێت مرۆڤ بێ ئومێد بکات بلێت من تەقوادار نیم بەڵکو دەبێ ئومێدی بەوە هەبێت لە پلەی تەقوا دەرنەچووە مادەم واجبات دەکات و حەرام ناکات ، وە دەبێت گەش بین بێت هەول بدات بۆ بەرزتری پلەی تەقوا و گومانی باش بە خوای گەورە ببات .

زانایان دەڵێن ئەگەر یەکێک شەو نوێژ بکات بەیانی هەڵسێتەوە سەرسام بێت بە کردەوەی خۆی کە کردوویەتی ، وە یەکێکی تر شەو نوێژی نەکردووە و پەشیمانە ، زانایان دەڵێن ئەوەی پەشیمانە باشترە لەوەی تر ، گەورەترین ئافات ئەوەیە مرۆڤ سەرسام بێت بە زانست و کردەوەی خۆی و یان مەدحی خۆی بکات .

سوودی سێیەم // پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت بەندەیە و فەرمانیشی پێ کراوە بۆ تەقوا هەروەک بەندەکانی تر ، وە نەهی لێی کراوە گوێڕایەڵی کافر و دووڕووەکان بکات .

سوودی چوارەم // مرۆڤ چەند پلەی بەرز بێت لەلای خوای گەورە تکلیف " بەندایەتی کردن " لەسەری لاناچێت و دەبێت عیبادەتی خوای گەورە بکات هەتا مردن .

هەندێک سوفی دەڵێن مرۆڤ ئەگەر گەیشتە پلەیەکی دیارکراو تکلیف " عیبادەت کردن " لەسەری لادەچێت ئەویش گەیشتنە بە پلەی یەقین ، بەڵگە :

خوای گەورە دەفەرمووێت : (( وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ )) [الحجر : ٩٩] .

واتە : عیبادەتی خوای خۆت بکە هەتا ئەو کاتەی یەقینت بۆ دێت .

دەڵێن ئەم ئایەتە ڕوون و ئاشکرایە کە هەتا پلەی یەقین کردەوە کردن واجبە دواتر لادەچێت .

زانایان دەڵێن : " الیقین لەم ئایەتەدا مەبەست پێی مردنە ، واتە عیبادەتی خوای خۆت بکە هەتا ئەو کاتەی مردنت بۆ دێت ، بەڵگە :

(١) پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت عیبادەتی کردووە هەتا مردن وە هاوەڵانیش بەهەمان شێوە ،وا دیارە ئەوان نەگەیشتوون بە پلەی یەقین سوفییەکان گەیشتوون بە پلەی یەقین ؟!

(٢) لەقورئان دا ئایەت هاتووە وشەی " الیقین" ی بەکارهێناوە بۆ مردن ، مەبەست پێی مردنە .

خوای گەورە دەفەرمووێت : (( وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ(٤٦)حَتَّىٰ أَتَانَا الْيَقِينُ )) [المدثر]

لەم ئایەتە مەبەست بە یەقین مردنە .

(٣) هەروەها فەرموودەش هاتووە وشەی " یقین " بەکار هاتووە مەبەست پێی مردنە .

فەرموودەی أم العلاء دەفەرمووێت : پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت دەفەرمویت : (( أما عثمان ــ أعنی عثمان بن مظعون ــ فقد جاءه الیقین........)رواه البخاری(٢٦٨٧) .

(٤) زانایان تەفسیر دەڵێن لەم ئایتە مەبەستی " یقین " مردنە .

قرطبي رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێت : (( بۆچی خوای گەورە فەرمووی " واعبد ربك حتی یأتیك الیقین )) ولم یقل : أبداً ، نەی وت هەتا ئەبەدی ؟

وەلام/ الیقین باشترە و بەهێزترە لە وشەی أبداً ، چونکە وشەی الأبد لەوانەیە بۆ یەک کات بەکار بێت یان بۆ هەموو کات ، هەروەک پێشتر باسی ماناکەی " الأبد " مان کرد )) الجامع لأحکام القران ج١٢ لاپەڕە ٢٦٤

قرطبي رەحمەتی خوای لێ بێت لە تفسیری سورەت البقره سەبارەت بە وشەی " أبدا " دەفەرمووێت : (( " أبدا " ظرف زمان یقعُ علی القلیل والکثیر ، کالحین والوقت....))جامع لأحکام القران ج٢ لاپەڕە ٢٥٨

سوودی پێنجەم // حەرامە گوێڕایەڵی کافرەکان و دووڕووەکان بکەیت ، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت : (( ولاتطع الکافرین والمنافقین )) .

سوودی شەشەم // جێگیر کردنی ناو بۆ خوای گەورە کە یەکێک لە ناوەکان " العلیم " و " الحیکم " ە .

سوودی حەوتەم // بەدیارکەوتنی دوژمنایەتی کافر و دووڕووەکان ، لەبەر ئەوە نەهی کراوە گوێ ڕایەڵی کردنی کافر و دووڕووکان چونکە دوژمنی ئیماندارانن و هەرگیز نابن بە ئاموژگاری کەر بۆ ئیمانداران .